کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

**بانگەواز، وەرنە مەیدان بەدژی بەربەریەتێك کەلەکوردستان دەستی پێکردوە:**

# بەردبارانکردنی ژنان لەکوردستان!

بەشی یەکەم:




پێم وانیە هیچ ئینسانێك بەبیستنی ئەم هەواڵە نەك بینینی فلیمەکەی، موچرك بەهەموو گیانیدا نەیەت، پیم وانیە هەر ئینسانێك تەنیا یەك تۆز بیری ئینسانی لەلا هەبێت بەبیستنی بەردبارانکردنی دوعا کچە لاوی ئێزیدی کەبەبەرچاوی خەڵکەوەو حیمایەی هێزەکانی دسەلاتداران و پۆلیس و میلیشیای کوردستانەوە، تورەیی نەیگرێت و سەد تف و بێزاری لەوولاتیك ودەسەلات و فەرهەنگ و ئاین و دەستور ویاسایەك نەکات کەئینسانەکان بەو چارەنوسە دەسپێردرێت. ئەمە چ بەربەریەتیەکە دنیا بەدەست حاکمانێکەوەیە کەنرخی پارەو ئینسانکوشتنیان لا گەورەترو پیرۆزترە!! ئەمە چ ولات و نەتەوەیەکە کەئەم جۆرە ئینسانکوژیەی لەخۆیدا بەرهەمهێناوە؟ ولات و نەتەوەیەك کەنەتوانێ ئەشق و خۆشەویستی کچە لاوێك قەبوڵ بکات؟ دەسەلاتێك کەلەبندەستیدا کوشتنی ئینسانی ژن لەنێو کۆمەڵگادا وبەئاشکرا و ڕوودەداو پاش ئەوەی بەرد سەری پان دەکاتەوە و خوێنی ناهەقی زەوی تەردەکات کەچی خەڵکەکەی شانازی بەو کوشتن و تاوانەوە بکات؟ ..

دوعا کچێکی ئێزیدیە لەکوردستان، تەنیا تاوانی خۆشەویستیە، کەوەحشیانە بەردباران دەکرێت، بەلام بەچ شێوەیەك یەکسەر ئینسان دەخاتە خەیالاتی وەحشیانەی 1400 ساڵ لەمەوبەر، یەکسەر دەتخاتە ناو بیری دەسەلاتداریێتی بەردبارانەکانی هێزەکانی تاڵبانی ئەفغانستان و بەردبارانی ژنان لەجمهوری ئیسلامی ئیران و دەستبڕینەکانی عەرەبستانی سعودیە و کوشتو کوشتاری ژنان لەلایەن ئیسلامیەکانی صوماڵ و جەزایر و هێزە ئیسلامیەکانی لەعێراق و کوردستانەوە.

بەلام ئەمەیان لەژێر حاکمیەتی ئەحزابی ناسیونالیزمی کوردی و دەسەلاتەکەیاندا ڕوو دەدات، ئەم کارەساتە بۆ جاری دووەم لەناوچەی بەعشیقەو لەژێر دەسەلاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕوو دەدات، ئەمە تەنیا کارەساتێکی دڵتەزێن نیە، ئەمە تەنیا زەنێگی خەتەر نیە بەدژی ژنان، ئەمە هێرشێکی وەحشیانەیە بەرامبەر هەموو ئینسانێکی شەرافەتمەند، هەموو ئینسانێکی بەویژدان، بەرامبەر بەهەموو ژنانێك کەدەیانەوی تەنیا بەرگری لەمافە سەرەتاییەکانی خۆیان بکەن، ئەمە ترسێکە دەخرێتە دڵی هەموو کۆمەڵگاوە. کۆمەڵگایەك کەتێیدا باسی ئینسانیەت

و مافەكانی ژنان تێیدا یاساغ بێت و بكەوێتە ژێر زەبری كەلتوری نەتەوە و ئاینەوە. ئەمە هێرشیكە بۆ سەر هەموو دەنگێكی ئازادەو هەموو كەسێكی ڕادیكاڵ و عەلمانی چەپ و كۆمۆنیست لەكوردستان، ئەمە زەنگێگی ترسناكە بەرامبەر بەهەموو كۆمەڵگای مەدەنی كوردستان، و هەموو ئەو كچە لاو وژنانەی كەنایانەویت كوت وبەندی نەتەوە و كەلتور وئاین و یاسا زنجیری دەست وگەردنیان بێت و بەشانازیەیەوە مومارەسەی ماف و هەستە ئینسانی یەكانیان بكەن. ، ئەمە هێرش و ترساندنی هەموو لاوانێكی دڵپڕلەهیوایە كەنارەزایەتیان بەدەسەلاتداریێتی ئەو حاكمانە هەیە، ئەمە چاوترساندنی هەموو كەسێكە كەنارەزایەتیان بەحاكمیەتی ناسیونالیزمی كورد و عەشایەری و دەستوری ئیسلامیان هەیە لەكوردستان.

ئەم ڕووداوە نیشانەی سەرهەلدانەوەی دەورەیەكی تازەی ژن كوشتنە. كەراستەوخۆ تاوانەكانی لەئەستوی دەسەلاتداران و حاكمانی كوردایەتیدایە! ئەوان یاساو دەستورێك و دەسەلاتێكیان بەسەر سەری خەڵكەوە ڕاگرتووە كەئەم تاوانانەی لێدەكەویتەوە. بۆیە دەبێت نەك تەنیا هەموو ژنانی كوردستان و ڕێكخراوەكانیان، نەك تەنیا هەمووخەڵكی ئازادیخوازی كوردستان، نەك تەنیا لاوان و ڕۆشنبیران وكەسایەتی و هێزە سیاسیە پیشرەوەكان، بەڵكو دەبێ هەموو كۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەدنیادا بەم ڕووداوە و زەنگە خەتەرەكەی ئاگادار بكرێتەوە و بهێنرێتە مەیدانەوە. لەپێشەوە دەبێ ژنان و سەرجەم خەڵكی كوردستان و یەخەی دەسەلاتداران بگرن و ئەوان لەم جۆرە تاوانانە بەرپرسیاربكەن دەبێ یاسا و ڕیسایەك بێتەكایەوە كە تاوانكارانی ژن كوشتن بەجۆرێك تەمێ بكات كە بەهیچ شێوەیەك وهیچ كەسێك نەتوانێت پەنجەیەك بۆ ژنان بۆ سەر مافە مرۆڤایەتیەكان بەرێت، دەبێت دەسەلاتداران لەكوردستان مەحكوم بكرێت لەم كارەساتانەی ژناندا، ئەوانن دیفاع لەدواكەوتویی و كۆنەپەرستی و شەریعەتە دینیەكان دەكەن و زیندوی دەكەنەوە.

دەنگ هەڵبرن و وەرنە مەیدان بەدژی ئەم جۆرە كارەساتانە.

ماویەتی

**نوری بەشیر**

تێبینی: بۆبینیی وینەو زانیاری زیاتری ڕووداوەكە تكایە سەردانی سایتنی كوردستان نیت بكە...

2004/4/24-23

**كاتژمێر 3:27ی سەرلەبەیانی**


Noori Bashir
E-mail: n.bashir3@ukonline.co.uk
Mobile: 0796 0669 896
www.geocities.com/n2bashir/welam/home1.html